# هاووڵاتیبوون لە نێوان ماف و ئەرکدا



محەمەدی مشیر
Muhammad_mushir@yahoo.com

لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانیدا رۆژانە زاراوەی هاووڵاتی و هاووڵاتیبوون (وەك چەمکێکی کۆمەڵگەی مەدەنی یان وەك بەهایەکی شارستانی)دەبیستریٚ و لێرەو لەویٚ بەرگویٚ دەکەوێت ، بێئەوەی زۆرینەی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە لە واتاوبەهای دروستی ئەم زاراوەیە بگەن و، بێئەوەش کە لایەنانی بەرپرس و سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاند چ دەوڵەتی، چ حزبی ،چ ئەهلی و چ نیمچە ئەهلی بە پلانی تۆکمەی بەردەوام بپرژێنە سەر روونکردنەوەی چەمکی هاووڵاتیبوون و شیبکەنەوە و بە دروستی لە خەڵکی هاووڵاتی بگەیەنن کە ئەم زاراوەیە  هاوکێشەیەکە دوو لایەنی هەیە تەواوکەری یەکترن و بە هەردووکیان واتای دروستی هاووڵاتیبوون دەبەخشن . ئیدی هەرکاتێك لایەنکێکیان فەرامۆشبکریٚ لایەنەکەی دیکەش راستەوخۆ پووچەڵ و بێواتا دەمێنێتەوە. ئەرکی گەیاندنی ئەم راستییە دەکەوێتە ئەستۆی هەموو ئەو لایەنانەی خەمخۆری بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی کوردستانی تەندروستن و دەیانەویٚ هاووڵاتییەکی هوشیار بێننە بەرهەم کە بزانیٚ لە بەرانبەر هەر مافێك کە داوای دەکات ئەرکێك هەیە پێویستە جێبەجێی بکات و، لە بەرامبەر هەر ئەرکێکیش کە پێویستە ئەنجامی‌بدات مافێك هەیەپێویستە بۆی دابینبکریٚ. ئەمە خوێندنەوەیەکی دروست و سادەی زاراوەی هاووڵاتیبوونە کە پێویستە دەوڵەت بە پێی سیاسەتێکی زانستی و بابەتیانەی پەروەردە و فێرکردن و هوشیارکردنەوە کار و بەرنامەرێژی بۆ بکات.

هاووڵاتی کوردستانی ئەگەر بزانیٚ بەرامبەر بەو مافانەی رۆژانە داوایان دەکات کۆمەڵێك ئەرکیش هەن چاوەڕوانی دەکەن ، هاووڵاتییەکی باشی لێدێتەدی، کە ئەمەش لە ئایندەدا  بە هەرچی زیاتر بەرژەوەندی و  بوژانەوەی کۆمەڵگە دەگاتە ئاکام و رێخۆشکەردەبێت بۆ هەنگاوەکانی دواتر تا بەشێکی زۆرتری کێشەکانی کۆمەڵگە ئاسانتر چارەسەربکرێن و، دەرەنجام هەردوو لای هاوکێشەکە

(دەوڵەت و هاووڵاتی) پابەندبن بە ئەرکەکانیان و لە بەرانبەریشدا ڕێژەیەکی پتری مافەکانی هاووڵاتی دەستەبەردەکریٚ.
هاووڵاتی ئێمە وا ڕاهاتووە داوای هەموو شتێك بکا ، بەڵام لە بەرامبەریشدا زۆرکەم ئامادەیە سادەترین ئەرك بگرێتە ئەستۆ ( هەڵبەتە ئەم دیاردەیەش زادەی کۆمەڵێك هۆکارە کە بە شێکیان بۆ ئەو هەلومەرجە بابەتییە دەگەڕێنەوە کە ساڵانێکی دوورودرێژ هاووڵاتی کوردستانی لە سایەیدا لە لایەن ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوەندەوە لە سادەترین مافەکانی بێبەش کراوەو لە بەرانبەریشدا هەمیشە زۆرەملێیانە قورسترین و سەختترین ئەرکی بە سەرداسەپێنراوە، کە زۆر جاران ئەگەر ئەنجامی نەدابووان تەنانەت لە مافی مانەوەش بێبەشدەکرا ئەمە لە لایەکیان ،لە لایەکەی دیکەدا فاکتەرە خودییەکان ڕۆڵێکی گرنگ وبەرچاو دەگێڕن کە لە نزمیی ئاستی هوشیاری و بێسەوادی وفەرهەنگ نزمی خودی تاکەکانەوە بەرجەستە دەبن وسەرهەڵدەدەن ، هەردوو هۆکاریش دیالێکتیکیانە کار لێکدەکەن ).بێبەشبوونی هاووڵاتی کوردستانی لە مافەکانی دەرەنجامی ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان بۆ کردن تامەزرۆییێکی لە لای ئەوانەوە دروستکردووە کە دەرەنجامی گۆڕانی دۆخە کۆمەلایەتی و سیاسیەکە جۆرێك سەرلێشێوان و بەرەلایی و پاشاگەردانی هێناوەتە ئارا بۆیە هەمیشە بەر لەوەی بزانیٚ ئەرکەکانی چین داوای هەموو مافێك دەکات بێئەوەی ویستخوازانە بەشداربێت لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی دەکەونە ئەستۆی .
ئەگەر بە ووردی سەرنجێکی ڕەخنەگرانەی بنیاتنەر بدەینە کۆمەڵێك دیاردەی ناپەسندوناشرین لە ناو ئێستای کۆمەڵگەی کوردستانیدا ڕۆشەندەبێتەوە کە ئەم بۆچوونەی سەرەوە تا چەند ڕاستە.بەڵام بەر لەوەی بێینە سەر دەستنیشانکردنی خودی ئەو دیاردە دزێووناشارستانیانە باشترە سەرەتا بزانین کە دەوڵەت لەم لایەنەدا تاچەند کاری بۆ ئەوە کردووە کە هاووڵاتیەکی هوشیار لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا دروست ببێت ؟ هاووڵاتیەك کە ماف و ئەرکەکانی خۆی بزانێت ؟
هەڵبەتە دەوڵەت(دەوڵەتی دیفاکتۆ) و سەرکردایەتی سیاسی دەوڵەتیش لە کوردستاندا بەشێکی جیاکراوە نییە لە خودی کۆمەڵگە و ئەویش زادەی هەمان ئەو هەلومەجە کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و کولتورییەیە کە کۆمەڵگە لە قۆناخەکانی گەشەکردنیدا پێیاندا ڕەتبووە و ئەم ئێستایەی لێهاتۆتە بەرهەم .بۆیە ئەویش لە هەمان باری سەرلێشێوان و دۆخی ناکامڵبوونیدا نەیتوانیوە وەکو پێویست ئەرکەکانی بە ئەنجامێکی لەمە باشتر بگەیەنێت و سەرجەم یان لایەنی زۆری خواستەکانی هاووڵاتی دابینبکات تا لە بەرەنجامدا بتوانیٚ هاووڵاتی ناچاربکات بەرانبەر بەو مافانەی بۆیانی جێبەجێکردوون ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن(ئەمەش بەو مانایە نایەت کە دەوڵەت و دامودەستگاکانی پەرێزیان پاکەو جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە توانای ئەواندانیە )،بەڵکو دابینکردنی کار و مسۆگەرکردنی بژێوی خەڵك و خزمەتگوزارییەکانی کارەبا، ئاو، تەندروستی و نەهێشتنی نەخوێندەواری و پێداچوونەوە بە سیاسەت و میتۆدی پەروەردە و فێرکردن و پاراستنی

ئاسایش و هەمووارکردنی یاساکان و بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و بازرگانی و کارکردن بۆ هوشیارکردنەوەو رۆشنبیرکردنی هاووڵاتیان و..هەتاد، کۆمەڵێك ئەرکن کە پێویستە دەوڵەت بە راوێژ لەگەڵ توێژی روناکبیران و پسپۆڕ و شارەزایانی بوارەکاندا سیاسەتی نوێیان بۆ داڕێژێت و هەنگاوی بە پەلەیان بۆ بهاوێژێت .بەڵام سەبارەت بە زۆر لایەنی دیکە کە خودی هاووڵاتی لێیان بەرپرسیارەو زۆرجاران دەبێتە کۆسپ لە بەردەم جێبەجێکردنیاندا وا باشە لەو ووردە رەفتارو کردارە ناپەسەندانە بدوێین کە رۆژانە و بە شێوەیەکی بەردەوام دووبارە دەبنەوە و ئۆباڵی جێبەجێنەبوونیشیان دەخەینە ئەستۆی دەوڵەت، واتە هەمیشە وەك تەماشاکارێکی نائەکتیڤ رەفتار دەکەین بێئەوەی لە خۆمان بپرسین ئەریٚ پشکی ئێمە وەك هاووڵاتی لەم هاوکێشەیەدا چییە؟ جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانمان وەك هاووڵاتی دژەکردارێکی دێرینە لە نەستدا پێگەی پتەوی هەیە ..جاران لە دژی رژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوەندا،بە تایبەتیش لە دژی رژێمی بەعسدا، گیانی یاخیبوون و ملکەچنەکردن و سەرپێچیکردنی فەرمایشتەکانیان ،وەك دیاردەیەکی شۆڕشگێڕی ئەو کات باوبوو،ئێستاش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە هەمان روانگەوە دەڕوانینە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا بۆیە هەمان رەفتار درێژەی هەیە . ئەم درێژە هەبوونە لە بەشی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا  خودی دەسەڵات تیایدا تاوانبارە لە بەر جێبەجێنەکردنی بەشێکی زۆری ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی ولەپێشدا ئاماژەمان بۆ کردن ، بەڵام پارسەنگڕاگرتنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتی و تەسکردنەوەی کەلێنی نێوانیان ئەرکێك نییە بکەوێتە ئەستۆی خودی دەسەڵات بە تەنها بەڵکو هاووڵاتیش لەم پارەسەنگڕاگرتنەدا پێویستە رۆڵێکی ئەکتیڤ و پۆزەتیڤانەی هەبێت . ئەکتیڤ بوونی هاووڵاتی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا و پابەندبوونی بە نەریت و خووی شارستانیانە بە هوشیارییەوە دەسەڵات ناچاردەکات خواست و داواکانی زووتر و زۆرتر بێنەدی .

پێشێلکردنی رێساکانی شارەوانی و هاتووچۆ و نەبوونی فەرهەنگی بەکارهێنانی دروستی سامانە گشتییەکان و پابەندنەبوونی هاووڵاتیان بە پاراستنی ژینگەو رەچاونەکردنی لایەنی کەمی بنەماکانی دادی کۆمەڵایەتی و زاڵی گیانی تێکدەرانە و شەڕانگێزی لە هەڵسوکەوتی رۆژانەدا و پەنابردنە بەر زمانی هێز لە یەکلاکردنەوەی بچووکترین کێشەی کۆمەڵایەتیدا .. چەندین نموونەی زیندوون لە سەر کەمتەرخەمی و ناهوشیاری هاووڵاتیان و هاوکات کۆمەڵێك رەفتاری ناپەسەندن کە رۆژانە بە بەرچاوی هەمووواندا دووبارە دەبنەوە و پێویستە هاووڵاتی لە لای خۆیەوە چارەسەریان بکاو نەیانهێڵیٚ. لە دەرەنجامیشدا بۆ تێگەیشتنی دروست لە هەردوو چەمکی ماف و ئەرك پێویستە هەردوو لا ،دەوڵەت وهاووڵاتی، کارایيان بە سەر یەکتردا هەبیٚ و تەواوکەری ئەکتیڤی یەکتربن و هەردوولاش پابەندبن بەو ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆیان و مافی یەکتر پێشێل نەکەن ، هەرچەندە لە درێژایی مێژوودا هەمیشە دەوڵەت، وەك ئامرازێکی سەرکوتکاری چینایەتی دەسپێشخەربووە لە

پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی هاوولاّتیان . بە زمانێکی تر پێویستە دەولّەت بەرلە هەر چاکسازییەك زەمینە خۆشبکات ئینجا هەنگاو هەلّێنیّ بۆ داواکردنی مافەکانی ،هاوولاّتیش بەرلەوەی داوای هەر مافێکی بکات پێویستە بە ریوشوێنی مەدەنیانە هۆشداری بداتە دەولّەت و بە ئاگای بهێنێتەوەو بەمەش یەکیّ لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی خۆی ئەنجامدەدات ، چونکە لە کۆتاییدا چارەنووسی هەردوولا بە هەر شێوەیەك بێت بە یەکەوە گرێدراوە و پاراستن و پێشخستنی ئەم ئەزموونەش لە ئەستۆی هەردوو لایەن دایە !!